# خۆشەویستی خوا و شەیتان



**هەندرێن حەمەدەمین**

**دیمەشق**

Handren88@hotmail.com

## چیرۆک



**کاتێک بە ناخی ووشە قولەکانت شۆڕ ئەبمەوە، سەفەری ئاسمانە دوورەکانم پێ ئەکەیت و لەسەر لەشی هەورە نەرمەکان ماچبارانم ئەکەیت، ئەم هەورانە لە ناوەوە زۆر جوانترن، نەرمترن، پاکترن.**

**کە بە خۆری چاوەکانت ئەستێرەکان دائەگرسێنیت، ئاسمان ئەکەیت بە چراخانی عشق.**

**شەیتان بەبێ هەگبەی گونەە ، بەبێ بیری شەڕ ، بەبێ تاوان ، بەسەر بالی چاکەکانیدا سەرئەکەوێ.**

**پەریە دیلەکانی بەهەشت سەمای ئازادی بۆ ماچە لەبیرکراوەکانی ئێرە ئەکەن.**

**جنۆکەکان روباری شیر و شەراب بە جەهەنەم تێپەڕ ئەکەن .**

**ئاگرە سوتاوەکان بە هەناسەی حەزەماندووەکان هێدی هێدی سارد ئەبنەوە .**

**دایکی خوا کورسیە خڵخڵۆکەکەی سیلاک بووە، دەستی ناگاتە پلاکەکانی کوژاندنەوە، پرکێشی ئەو پلاکانە ئەبێ دەرگا داخراوەکانی ئاسمان ئەکەنەوە.**

**لەوێدا ئەبینم روحی خۆشەویستی لەسەر مەمکەکانت سەما ئەکات و جەستەش دابەشراوەتە سەر پەڕ و بالی بالندە و گول و درەختەکان.**

**کۆمەل کۆمەل لە دەرگاکان دێنە ژوورێ .**

**خەمە کۆنەکان لە چاوی ماسیەکاندا گۆرانیەکی نوێ ئەلێن.**

**کەس لەلای سەیر نیە، ئاو دۆلفین و قرش و ناهەنگەکان ئامادەی دادگایی خوا ئەکات.**

**هانیا ..... کەمێک لەسەرخۆ بە، رەنگە خوداش تاوانی نەبێت !!!!**

**کێ ئەلێ شەیتانیش لە کاتی گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی سەر زەوی رێگای ون نەکردووە ؟؟؟؟؟؟**

**ئەوەی من ئەیزانم بۆت ئەگێڕمەوە**

**ئەلێن خوا کچێکی گەلێک جوان بوو، هەردەم خەریکی خۆ رازاندنەوە بوو، کە ئێواران لەسەر ئەستێرەکان دائەنیشت، چاوی لەسەر زەوی هەڵنەئەگرت، زۆر حەزی ئەکرد جارێک لە تاڤگەکانی خۆی بشوات، لە کەنار دەریاکانی پاڵ بکەوێت، لە نزاری شاخەکانی گۆرانی بڵێت، لە باخەکاندا سەما بکات و خۆی لەناوقەدی درەختەکان بئاڵێنێ.**

**ئەڵێن زۆر حەزی لە دەنگی شالورەکان بووە و بۆنی گولەکانیش لە کەللەی دابوو.**

**ئەمانەی هەموو لە یادگاریەکانی باوکیدا ، خوێندبوویەوە .**

**بەلام دایکی هەردەم ئەیترساند، لە سەختی و ئالۆزی و ناخۆشی رێگای زەوی، باسی زۆر لە باوک و باپیرانی ئەکرد کە لەم رێگایە ون بوونە و نەگەڕاونەتەوە.**

هەردەم هەوڵی ئەوەی ئەدا، کە کچەکەی بە ئاسمان و ئەستێرەکان خەریک بکات و ئەو یادگاریانەی باوکی بکات بە خەون و خەیاڵ.
بەلام وەک ئەوەی خوا خۆی سەفەری سەر زەوی کردبێت و تام و لەزەتێکی زۆر خۆشی لێوەرگرتبێت، بۆیە هەردەم بیری لە هاتنە سەر زەوی کردۆتەوە، بە ئاستێک کە زۆر جار بڕیاری ئەوەی داوە کە خۆی لە دایکی بدزێتەوە و سەفەرێکی بێ گەڕانەوە بکات .
دایکی خوا لەترسی لەدەست دانی کچەکەی و بەتەنیا مانەوەی خۆی، هەرگیز بۆ ساتێکیش لە کچەکەی بێئاگا نەبووە، هیچ ماوەیەکی خۆدزینەوەی پیا نەداوە.
ئەلێن لە ئاهەنگی شەڕاب خواردنەوە لە مالی خوادا، شەیتان بە قیت و قۆزترین کوڕ هەڵبژێردرا.
هەر لەوێ خوای ناسی، بە یەکەوە سەمایەکی مرۆڤانەیان سازکرد .
لەهەمان رۆژ هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ خوا دەربڕی و داوای بەیەکەوە ژیانی لێکرد.
خوا ئەگەرچی هەست و سۆزی لەلای شەیتان بوو، بەلام بیر و خەیالی هەر لەلای زەوی بوو.
دایکی خوا ئەمەی بە هەلزانی، خۆی لە پەیوەندی نێوان خوا و شەیتان نزیک کردەوە، بە خۆشحالی خۆی بە شەیتان ناساند، هانی کچەکەی ئەدا بۆ ئەوەی ئەم رێکەوتە لەدەست خۆی نەدات.
جوانترین کوڕ داوای کردوە ، لەمە باشتر رێکناکەوێت، ژیان هەلێکە
هەر ئەو رۆژە کە شەیتان هەست و سۆزی خوای خوێندەوە، یەکسەر داوای لە دایکی کرد.
ئەمەش ویست و هاتنەدی خەونی دایکی خوا بوو.
ئەلێن هەر ئەو رۆژە خوا و شەیتان لەیەکتر مارەکران و بوون بە دەسگیران.
ئاهەنگەکە بوو بە دوو ئاهەنگ، بە گۆرانی و سەما شەویان بردە سەر و بە ماچ و خۆشەویستی بەیانی رۆژێکی نوێیان داهێنا.
ئەم رۆژە خوا هەر بیری لەوە ئەکردەوە، کە چۆن خۆشەویستەکەی رازی بکات، بۆ سەفەرێکی سەر زەوی.
هەر هیچ نەبێ مانگی هەنگوینی لە ناو بۆن و بەرامی گولەکان بکەن و جۆش و خرۆشی خۆیان تێکەڵی ئاوازی شالورەکان بکەن.
هەرچی شەیتانە ئەو رۆژە کەوتە پشکنین و هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی کەل و پەلە کۆن و نوێکانی دایک و باوکی کۆچکردووی، بۆ ئەوەی جوانترین دیاری دیاری پێشکەش بە دەسگیرانەکەی بکات.
هەمان رۆژ ئێوارەکەی، خوا وەک پیشەی بەردەوامی لە لێواری ئەستێرەیەک دانیشت بوو. خەونی بەوە ئەبینی، کە چۆن لەگەل خۆشەویستەکەی ئەم رێگایە ئەبڕن و ئەگەنە سەر زەوی و لەوێ چۆن بە بەختەوەری کاتێکی خۆش بەسەر ئەبەن.
هەندێ جار بیری لەوە ئەکردەوە ئەگەر شەیتانی دەسگیرانی رازی بێت، ئەوا بە یەکجاری لەسەر زەوی نیشتەجێ ئەبن.
شەیتان ئەو دیاریەی دۆزیەوە، کە خۆی مەبەستی بوو، دوای ئەوەی خۆی شوشت و قاتە نوێکەی کردەبەر و پێلاوەکانی بۆیاغکرد و سەری شانەکرد، بە گۆرانی گوتن و سەماکردن، لە دەرگای مالی هاتە دەرێ، بەرەو هەوارگەی مالی دەسگیرانەکەی کەوتە رێ.
شەیتان لە رێگادا خوای بینی لە لێواری ئەستێرەیەک دانیشتووە و لە زەوی رائەمێنی، کەمێک توشی دلەڕاوکێ هات، لەسەرخۆ لێی نزیک بووەوە، بێ شێواندنی بیر و خەیالی، سلاوێکی پڕ لە خۆشەویستی پێشکەشکرد.
خواش بە ماچێکی تەڕتر لە هەوری بەهاری وولامی دایەوە.
دوای چەندین قسە و باس و گفتوگۆ و رازونیاز گۆڕینەوە، خوا هێدی هێدی لە ئامێزی شەیتان ئەتوایەوە، شەیتانیش لەگەل ووشە پڕ لە سۆزەکانی خوا گیانی ئەبوو بە دەریایەک لە خۆشەویستی و بە ماچ و لەباوەشگرتن خوای لەخۆ گرێ ئەدا.
لەگەل بزر بوونی زەوی، خوا زانی درەنگە و شەو داهاتووە، ویستی بە چەند ماچێکی خودایی دەسگیرانەکەی بەجێ بێلێت، شەیتانیش ویستی بە پێشکەشکردنی دیاریەکەی ژوانێکی نوێ لەگەل دەسگیرانەکەی ببەستێ.
شەیتان کە مانگی لە گیرفان دەرهێنا، بەرامبەر بە سەر و سیمای خوا بە ئاسمانی هەڵواسی، بۆ ئەوەی هەموو رۆژێ لە مانگدا وێنەی خۆی ببینێ و شەیتانی لەبەر چاو بێت.

مانگ هەلواسینەکەی شەیتان، خۆشی و بەختەوەری بۆ خوا لەوە بوو، کە زەوی روناک کردەوە، خوا ئەوەی لەبیر چوو کە شەوە و ئەبێ بەرەو مال بگەڕێتەوە.
جارێکیتر لە ئامێزی شەیتان خەملایەوە و خەونی بە مانگی هەنگوینی سەر زەوی ئەدی.
هەر ئەو شەوە خوا داوای لە شەیتان کرد کە سەفەرێکی سەر زەوی بکەن.
شەیتان ووتی. ئەمە بۆ ئاسمانیەکان ناکرێت. ئەترسم بچین و نەگەڕێینەوە.
خوا بەمەش رازی بوو.
شەیتان دلی نەدەهات خوا بخاتە ئەم رێگایە کە چارەنووسیان تیادا بزرە، بۆیە داوای لە خوا کرد، کە چی لە زەوی دەوێت !!!
خوا یادگاریەکانی باوکی بۆ شەیتان خوێندەوە.
شەیتان هەر ئەو شەوە بڕیاریدا کە بێتە سەر زەوی و بۆن و بەرامی گوڵەکان لەگەل ئاوازی شالورەکان بۆ خوا بەدیاری بێنێ.
هەر ئەو کات شەیتان خوای رازی کرد، کە چاوەڕێی بکات، بۆ ئەوەی بچێت داواکاریەکەی بۆ جێ بە جێ بکات و ئاسمان پڕبکات لە بۆن و بەرامی گوڵ و ئاوازی شالورەکان.
هەواڵی دابەزینی شەیتان بۆ سەر زەوی گەیشتە دایکی خوا. بۆیە لەو رۆژەوە دایکی خوا هەر هەموو دەرگاکانی ئاسمانی کلیلدا و کلیرەکانی لە جەهەنەم سوتاند.
تونترین پاسەوانیشی لە ئاسمان و خوا کرد.
لەو رۆژەوەش خوا بەدوای کونێک ئەگەڕێت، بۆ دابەزینی سەر زەوی و دۆزینەوەی شەیتانی دەسگیرانی.
شەیتانیش لەو رۆژەوە هەولی گەڕانەوەی ئاسمان ئەدات لەگەل بۆن و بەرامی گوڵەکان و ئاوازی شالوورەکان.
لەگەل ئەوەش شەیتان و خوا، بە بەردەوام، ئەو لێرە و ئەو لەوێ، خۆشەویستیان بە یادگارەکانی خۆیان ئەڕواند.
دایکی خوا و دارودەستەکەی هەولی ریشەکێش کردن و سەربڕینی ئەو خۆشەویستیانەیان ئەدا.
ئەوەندەیان سەربڕین تا زەویی و ئاسمانیان پڕکرد لە خوێن، شەڕ و ئاژاوە لە زەویی و ئاسمانەکان دروست بوو، کەس لە کەس تێنەئەگەیشت، هەموو شتەکان سەریان لێ شێوا.
هانیای خۆشەویست، کاتێک کە خوا و شەیتان، ئەو خۆشەویستیەی من و تۆیان رواند، زۆر بە نێهێنی و بە پارێزگاری بوو، هەر هەموو تین و هێزی خۆیان بە ئێمە بەخشی، هەموو ویست و حەز و ئارەزوەکانیان تێکەل بە ئێمە کرد.
ئەوە بوو خۆشەویستی من و تۆ دەرگاکانی ئاسمانیان کردەوە و سەریان لە دایکی خوا و دارودەستەکەی شێواند و گەیشتین بەو رۆژەی کە ئێستا تیایدا ئەژین............................

**١٥ی ٧ی ١٩٩٨**